## بۆ ئەوەی مێژووی دوێنێ لە گەڵ ئەمڕۆ گرێ بدەین ... دلێر محمود سابیر

مێژووی گەلان پێك هاتووە لە جۆرەها سەروەری کە لە دێر زەمانەوە لە سەر کلتووری جۆراو جۆر داڕێژراوە و بۆ هەتا هەتایە پەیڕەوی ئەکەن و بە پیرۆزی ڕائەگرن و زۆر جاریش لە بۆنەو ساتە تایبەتیەکاندا ئەو یادە پیرۆزانە بە زیندووی بە سەر ئەکەنەوە وەك چۆن لای خۆمان هەموو ساڵێك ئاگری نەورۆز بۆ نیشانەی شۆڕش و سەرکەوتن و هاتنی ژیانێکی نوێ ئەگەیەنێ، پیرۆزی ڕاگرتنی مێژوو کلتووری نەتەوەیی لە هەر گەلێك و نەتەوەیەکدا و ئەگەر بەرەو بچووکترین پێکهاتەی ئەو نەتەوانەش برۆین وەك خێڵ و قەبیلە و عەشیرەتاکانی، ئەوە نیشانەی درێژەدانیانە بە مانەوەی ئەو گەنجینە پڕ لە کلتوورو سەروەریەی لە دێر زەمانەوە بە تەنگیەوە هاتوون و ئیدامەی ئەکەن بۆ ئەوەی بە گەلانی بناسێنن و لە ناو نەچێ، ئێمەش وەکو گەلی کورد شایانی ئەوەین کە خاوەنی ئەو گەنجینە پڕ لە هونەرو کلتوورە بە نرخە بین و بیپارێزین تا بە گشت گەلانی جیهانی بناسێنین ئێمەش لەو ئاستەداین کە بمان ناسن و لە مێژووەکەماندا چەند دێرێك بخوێننەوە، گەلی کورد ناسراوە بە سوار چاکی و ئازایەتی و خاوەنی دەیان سەرکردەی ناودارو بە هەیبەت و خاوەن دەسەڵات بووە، خاوەنی دەیان شۆڕشی خوێناوی بووە، بەڵام ئەم جۆرە ناوونیشانانە نانی لێ ناخورێ و ئێمە خۆمان ڕێگلامەی ئەو خەسڵەتە ئەکەین بۆ خۆمان و زەمەنی بە سەر چوو، ئەگینا ئێمە ئازا بین ئازا نەبین چیمان بۆ ئەکرێ ئەگەر خاوەنی بنکەیەکی هونەری چڕو پڕ نەبین لە کۆکراوەی شوێنەوارە دێرینەکانمان و هونەر بە تێکرای بەشەکانیەوە و ڕێز گرتن لە هونەرمەندە بەرزەکانی دەیان و سەدان ساڵەی مێژووی کورد کە مێژوویەکی قورسی پڕ لە بەرهەمی جوان و پوخت لە پاشی خۆیان بۆ بەجێ هێشتووین، کەچی کە بەرهەمەکانیان ئەخوێنینەوە ئەم زاتانە وەکو وەهم دێنە بەر چاو و لە وێنەیەکی دەستکرد زیاتر تەنانەت هیچ ئاسەوارێکی دیاری کراویان وەك مەزارێکی تایبەت نیە بۆ یاد کردنەوەیان، ئێمە گۆڕەپانی زۆر ناوچەی جیا جیامان هەڵبژارد لە کوردستان بۆ شەڕی یەکتر کوشتن و دوژمن ڕاونان و گردۆلکەو لووتکە شاخی بەرزو نزم و دۆڵ و شیوەکان هەمووی شایەت حاڵی ئەو ڕاستیانەن کە چۆن کەو کوژی بۆ یەکتر نیشانەمان دا ئەبەست، لە ئاکامیشدا ئەوەی چوو چوو بوو بە پەڵەیەکی ڕەش و دیسانەوە ڕێگەی ترمان گرتە بەر بۆ ئاشتی چونکە زانرا دوایی کە ئەمەش نانی لێ ناخورێ ئازایەتیش دەرنەچوو و دادی ئەم گەلە نادات و تەنها کێشەیەکی ناوەختە مەزاجی تێك داوین، کەواتە وا باشتر نیە لە تەنگەشەی شەڕی مەزاج و ناو زڕاندنی خۆمان ڕوو وەرگێڕین و ئیتر چاوێ بە خۆماندا بخشێنینەوە و بیر لەوە بکەینەوە ئایا گەلانی جیهان چۆن ئەژین و چۆن توانیویانە ببنە خاوەن تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی جۆراو جۆر و ئێمەش هەتا ئەم سەردەمە بەم نیزاعاتە لاوەکیەکانەوە ئەتلێینەوە، ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی ئیرادەو ئیدارەی خۆمانین، ئەگەرچی هێشتا چمکی دەسەڵاتێکی خۆیی بە هەموو پرنسیپەکانیەوە نەی گەیاندووینە هەموو مەبەستەکانمان، بەڵام ئەمڕۆ نابێ سست بین لە بۆ پێشەوە چوونمان لە هەموو بوارەکانی ژیان دا مادام هەموو بوارەکانمان بۆ ڕەخساوە و ئیمکانیەتێکی گەلێ زۆر لە بەر دەستایە بۆ ئەنجامدانی کە پێویستە چی بکەین؟

١- بۆ ئەوەی مێژووی دوێنی ببەستین بە سەردەمی ئەمڕۆوە:

× هەوڵ بدەین پانتاییەك زەوی لە شاری سلێمانی (مەبەست هەر شاری سلێمانی نیە، ئەکرێ لە هەموو شارەکان بکرێت، بەڵام با لە سلێمانیەوە دەست پێ بکەین) تەرخان بکرێت بۆ درووست کردنی گەورەترین پرۆژەی مۆزەخانە بە شێوازێکی پێشکەوتووی مێژوو بەخشی وولاتە پێشکەوتووەکان، کە بۆ چەندین مەبەستی جۆراو جۆر دەست بدات لەوانە: (وەك دار الاوپرا، شانۆ، هۆڵی کۆنگرە و چالاکیە هونەریەکان، گەلەری و مۆزەخانە ئەگەر بکرێت پەرتووکخانەیەکی تیا بێت هێندەی تر بە پێز ئەنوێنێ، مەبەستیش لەم مۆزەخانەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە پیرۆزانە:

& زیندوو کردنەوەی گیانی بەرزی هونەرمەندەکانی کورد، بە دروست کردنی پەیکەر بۆ هەر یەکێکیان و لەگەڵ بەشێك لە بەرهەمەکانیان بۆ نموونە: بۆ درووست کردنی پەیکەری پیرەمێردی شاعیر ژوورێکی تایبەت بێ لە گەڵ چەند پەرتووکێکی بەردەستی خۆی و لە سەر بۆردێك ژیاننامەکەی بنوسرێتەوە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و بە کاسێتێك بەردەوام هۆنراوەکانی ببیسترێت تا ئەو کەسەی ئەچێتە خزمەتی ئەو زاتە هەست بکات کە لە گەڵ ئەو شاعیرەدا دانیشتووە، ئەوانی تریش بە هەمان شێوە وەك:مەحوی و گۆران و شێخ حەسیب و نجم الدین مەلا و سالم و موکری و ئەخۆل واحمد شوکری و تایر بەگی جاف و شێخ سەلام، ، ، ، ، ئەوانی تر کە مێژویان ڕازاندۆتەوە، چونکە کە میوانێکی بیانی سەردانی شارەکەمان ئەکات با تێ بگات کە کورد خاوەنی بەها ترین کلتوورە، ئەوەش کاتێ کە بە زمانە بێگانەکان دەربارەی ژیاننامەی هەموویان ئەنوسرێتەوە،

٢- یەکێك لە کلتوورە جوانەکانمان وەك چۆن لە مۆزەخانەی شاری بغداد هەیە، یاریە میللیەکان، شێوەی گوزەرانی خەڵکی و موناسەبەتە میللی و دینیەکان بۆ نموونە ڕۆژی خەتەنە سووران، سەردەمی ڕووکردنە قوتابخانە کە پێشووتر هەر حوجرە هەبوون بۆ خوێندن، جۆری جل و بەرگ و کەرەسەی بەردەستی فۆلکلۆری، ، ، هتد

٣- ئەو گۆرانی بێژانەی کورد کە کەمتەرخەمیان نەکرد لە گەشەپێدانی ئەو بەشە لە هونەری کوردی تا زیاتر بناسرێن لە لایەن خەڵك و بێگانەشەوە پێویستە بوارێکی زۆریان بۆ تەرخان کرێ بۆ پەیکەرەکانیان، گەرچی ئەوانە بە جەستە لە ناوماندا نەماون بەڵام لە ویژدانی خەڵکیدا نامرن و هەریەك کاسێتێك لە کۆرلانیەکانی خۆیان بۆ دابنرێت، وەك سێوە، ڕەشۆل، قادرکابان، عەبەی مەلا، ڕەفیق چالاك. ابراهیم خەیات، دیلان، عوسمان عەلی، ئەحەی خولە سنەیی و ئەوانی تریش کە بێ گومان خوالێ خۆش بوو مەرزیەی فەریقی بکرێتە میوانی ئەو کۆمەڵگایەی ئەوان وەك هونەرمەندێکی شۆڕشگێر،

٤- لە هەموو کۆمەڵگایەکدا و لە ئاکامی دەیان شێوازی ستەم و زوڵم و نەهامەتی و هۆکاری تر کێشەی بۆ چەندین خێزان درووست کردووە ئەمە بۆتە هۆی بوونی کەسانێك کە عەقڵ لە دەست بدەن، کۆمەڵگای ئێمەش بە دوور نەبوە لەم جۆرە کەسانە کە بە شێت ناو ئەبرێن، ئێمە هەرچەندە خۆشحاڵ نین بەو بارە ناهەموارە بەڵام ڕێز لێ نانی ئەوانەش وە بە یاد کردنەوەیان مانایەکی پیرۆز ئەگەیەنێ لەو شێتانەش: ئەحە دۆڕانی، نۆزدەی قەڵب، عەبە شەکەنە، خولە بووز، قالە، ڕنگۆ و زۆری تریش کە جێگایەك ئەگرن بۆ سەبووری دڵی خەڵك، وەك چۆن هەڵوێستێکی پیرۆزە کە پەیکەری (شەباب) لە گازینۆی شەعب دانراوە، جێگای سەبوری دانە،

٥_ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە شانۆکارەکانمان گەلێکن و لە پێشەوەی ئەو گروپانەوە

هەنگاوی بەرزیان هاویشتووە بۆ گەیاندنی پەیامی پیرۆزیان کە هێندە زۆرن پێویست ئەکات پانتاییەکی دیاری کراوو لە باریان بۆ بنیات نرێ لە گەڵ سەرجەم ناوی بەرهەمەکانیان لە نامیلکەیەکی تایبەتدا.

ئەمە بێجگە لە بۆنە نیشتیمانیەکان و چالاکیە شۆڕشگێریەکان وەك دەوری شێخ مەحمودی نەمرو دوانزە سوارەی مەریوان و، خولە پیزە و کارەساتی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول و نۆی حوزەیران و نەورۆزی ١٩٥٩ و بە سەرهاتی ١٩٦٣ کە لە چەند جێگایەکی جۆراو جۆر زەبرو زەنگی مەترسیداری ڕژێمی ئەوسای عێراق بە خوێن نەخشاندی،

ئەوی کاری بیناسازیەکەیە ئەکەوێتە ئەستۆی کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا کە تا بتوانرێ شێوەیەکی مێژوویی لە خۆ بگرێت و پێشەکی بیناکە بە پەیکەری گەورە پیاوانی کورد کە لە درووست کردنی شاری سلێمانیدا دەوریان هەبووە، ئەوە ئەبێتە ڕەمزی نەتەوەیی و ڕۆژانە دەیان و سەدان کەس سەردانی ئەکەن کە بێ گوومان شتێکی سەر سووڕمێنەر ئەبێت هەم لە گەورەیی مەبەستەکە و هەم ئەو پرۆژەیە دەستکەوتێکی مادی زۆری تێ ئەڕژێ و چەند بوارەکەی فراوان بێت هێندە بەرهەمەکانی کراوەتر ئەبێت و خەڵکێکی زۆرتر ئەگرێتە خۆی. ئەوسا ئەبێتە هاندەرێك بۆ لاوان و کچانی کورد کە کاتە بەهاکانیان بە بەسەرکردنەوەی ئەم مێژووە بە ڕێ کەن.

بۆیە پێویستە پەیوەندی بکرێت بە کەسانی پەیوەندیدارەوە بۆ ڕەخساندنی گۆنکرەیەکی تایبەت بەو پرۆژەیە و ئەوەش خولیای هونەرەو بە تەنگ ئەم مەسەلەیەوە دێت شەوانە ئەتوانێ لە ڕێگای ژووری (کوردستان، ، هونەر بە گشتی، ، وێژە) لە پاڵتاکدا بفەرموێت بیرو ڕای خۆی دەربڕێ تا بتوانین بە هاوکاری هەموو لایەك بەردێك بخەینە سەر بەردێك و مێژووی کۆن ئاشنا کەین بە مێژووی ئەمڕۆ تا نەوەکانمان لەو ە بە ئاگا بێن کە ئەبێ خەمخۆری کلتوور و مێژووەکەیان بن، بێجگە لەوەی بنیات نانی پرۆژەیەکی لەو شێوەیە سەد ئەوەندە ڕۆح ئەبەخشێ بە گیانی ئابووری کوردستانداو هەم دەست مایەیە و هەم دەستکەوتێکی نەتەوەییە و ئەمە بێجگە لەوەی خۆ ناسینە بە گەلانی جیهان و کەسانی گەڕۆك بە دوای کلتووری گەلاندا زۆرتر ڕوو لە کوردستان ئەکەن و مێژووەکەمان ئەناسن، جا با هێزو توانامان بخەینە گەڕ و کاتی ئەوە هاتووە خەمخۆری مێژووە دەوڵەمەندەکەمان بین و کات بە فیڕۆ نەدەین. تا نەوەی ئەمڕۆ بە بیرو بڕوایەکی بەهێز تروو متمانەیەکی گەورەترەوە بتوانێ بۆ ئایندەی گەلەکەی هەنگاو بنێ بەرەو پێش. ئەرکی حکومەتی کوردستانیشە کە خەمخۆری ئەم بەرهەمە نەتەوەییە کان بەهایە بێت و کەمتەرخەم نەبێت لە ئەنجام دانی چونکە ئەوەی بۆ مێژووی کورد شەڕی کرد!! ئەوەی بۆ گەیاندنی کورد بەم ڕۆژە شۆڕشی کرد ئەبێت لە دڵی کوردستاندا سەرجەم سەروەریەکان بخاتە بەر دەستی نەوەکانی دوای خۆی و درێغی نەکات لە بە دەنگەوە هاتنی گەل بۆ پرۆژەیەکی سەرتاسەری هونەرو کلتووری نەتەوەیی.